# شــەڕە كــۆڵان لە هەشتی مارسدا

**ساتیره شیعرێک بۆ(8)یمارس**

**حەمەشوان شەریف**
hamashwan1@hotmail.com

**هەناسەیەک هەڵمەكێشە**
**نەبا مردن گوێی شل بكات**
**وەک پاساری گوێسەوانێک**
**بۆگەنمی ژێرتوڵێنە فریوت بات .**
**گوێ هەڵمەخە لەم كۆڵانە چی ڕوئەدات**
**كێ بەنازەو قەدری لاملی ماچ دەگرێ و**
**خوای نەماوە بۆ كوڕی جوان .**
**دڵت مەكە بە سفرەوخوان بۆ كۆڵانەكەی ئەودیوو**
**كە كۆڵانەكەی خۆتان زۆر برسیە بۆتێكرژان .**
**گۆێم بدەرێ * قەدە**
**با بانگ نەكەم**
**زارا دووپەراسوو بەفیكەیەک بگاتەلام**
...
**بەبیرت دێ**
**لەشەڕەكانی* سێوەخان و ***
**بەردەم ئەسحابەكەی *سمە كوێرا**
**لەشی نیوەی كۆڵانەكەتانی**
**بەتەنافەوەهەڵواسی و**
**تفی كردە گەڵوگونی**
**ئەو پیاوانەی سواری ماكەرەكەی * زارا نەبوون .**
***قەدە بانەو بینمەوە لێرە ..**
**تۆ شیاوی كۆڵانە چڵپاوەكەی خۆتانیت**
**پیاوی ئەو كۆڵانە زەردەمارن ژەهرەكەیان زۆر مەیوە !.**
**پیاوەكانتان**
**بۆ هیچ دەوری فێربونێكی ماچ نەڕۆیشتون**
**كەی ئەزانن لێوبگەزن**
**یان زمانیان وەک و نوقوڵ(* سمێلت) ە كات لەناودەما**
***قەدە ئێستا ئێوەش بچونایە بۆ ئەو كۆرسە**
**كۆڵانەكەی ئێوەش**
**وەک و كۆڵانەكەی ئەم بەر**
**مۆدێرن و شیری نیدۆی لێدەفرۆشرا**
**قەدە ***
**گەر ئەو كۆرسەتان بخوێندایە**
**پیاوەكانتان دەبوون بەڕۆمێو و**
*** قەدە* تۆش دەبویت بە*ژولێت و**

ئەودەمە   نەتان دەپەرژایە شەڕە کۆڵان  !
قەدە * قەداو خانم
بۆ لەپیاوەکەت ناپرسی چی لـێتدەوێ !؟
بۆ واسەرگەرمی بازاڕەو
بەمانگێگیش نەتان بینێ دڵی بۆنی شیلانەکەت  ناکات  !
ئەی تێناگەم
خوای نەماوە بەس بۆ جارێ
بە کۆڵانەکەی ئێمەدا  تێپەڕبێ ! .
(قەدر)ی گیانم
بزانە پیاوەکەت چی لێتدەوێ  ! . .
بۆ بەشەوان کێنگڵ ئەداو ! :.
بۆ بەیانیان مەراق ئەیگرێت  ؟!.
بڕواناکەم گەر تێربێت و ژەهری مەیوی بڕژێ
هەرگیز بە کۆڵانەکەی ئێمەدا  بیەوێت گوزەربکا و
لە بازاڕا وەک و پانکە بەچوارلادا
بۆ قەیرەژن سەری لاری بسوڕێنێ   ! .  ..
پاش  دەورانێک   ..........  دەیان گێڕایەوە
( قەدر)ی خانم
ئاپورەیەک لەپیاوانی کۆڵانەبێ ناموسەکەی
خۆیانی لەگەڵ ژنانی  عەیارا   ناو نوس دەکرد
بۆ کۆرسی  ماچ      ....
هەر بۆئەوەی پیاوەکانیان
وەکو کۆڵانەکەی  (شەتاو) خانم مۆدێرنبن و
بەکۆڵانەکانا  بگەڕێن
ڕەنگی لێویان نیشانبدەن چەند
حورمەت و چەندجۆر ماچیان  لێدەڕژێ   .

* بیرۆکەی ئەم ساتیرە شیعرەم دەگەڕێتەوە بۆ ماوەی ساڵێک لەمەوبەر . لەپێشدا  وەک باسێکی تیۆری و زانستیانە لەدووتوێی شیکارکردنەوە بۆ باسەکەم ڕۆیشتم . لەدووای خوێندنەوەی باسەکە بۆ خۆم  . ناکامی  ئەم ساتیرەشیعرەش لە گەڵی لەدایک بوو . لە ئایندەدا باسەکەش بڵاو دەکەمەوە  .
* سمێلتە  -  توانەوە